SEY
SUOMEN ELÄINSUOJELU



Kurdi
سۆرانی

# ئاژەڵان لە فینلاندەدا

## ڕاگرتنی ئاژەڵان لە نێو کۆمەڵگای فینلاندیدا

# له فینلانده‌دا - ئاژه‌ڵی ماڵی - وه‌ک ئه‌ندامی خێزن چاوی لێده‌کرێت

له فینلانده‌دا به‌شێکی زۆری سه‌گ و پشیله وه‌ک ئه‌ندامی خێزان له نێو ماڵ دا ڕاده‌گیرێن، وه ئاژه‌ڵی ماڵیش به شێوه‌یه‌کی ئێجگار باش سه‌رپه‌رشتی ده‌کرێن. ئاژه‌ڵانی ماڵی له فینلانده‌دا بریتین له سه‌گ، پشیله و که‌روێشک.



## یاسا پارێزگاری له ئاژه‌ڵان ده‌کات

له فینلانده‌دا یاسایه‌کی داڕێژراوی ئێجگار به‌رفراوان بوونی هه‌یه. به‌دواداچوون بۆ یاساکان ده‌کرێت، وه ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی نه‌شیاو مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ ئاژه‌ڵ بکرێت، ئه‌وا تێهه‌ڵچوون له بابه‌ته‌که‌دا ده‌کرێت.

یاساکه تێکڕای ئاژه‌ڵان ده‌گرێته‌وه. له ئێستادا یاسای پارێزگاری له ئاژه‌ڵ له ژێر نوێ کردنه‌وه‌دایه. ئامانج له نوێی کرده‌وه‌ی یاساکه، بریتییه له پارێزگاری کردنی ئاژه‌ڵ له ژان و ئازاری ناپێویست و هه‌روه‌ها له پارێزگاریکردنیان له به‌رامبه‌ر ئه‌و هۆکارانه‌ی که کاریگه‌ریان له سه‌ر جۆشگوزه‌رانیان ده‌بێت. هه‌روه‌ها ئامانجی یاساکه پێشبردنی ڕێزگرتن و مامه‌ڵه‌کردنی باشی ئاژه‌ڵه.

به‌پێی یاسا ده‌بێت لایه‌نیکه‌م یه‌ک جار له نێو شه‌وڕۆژێکدا دڵنیایی له خۆشگوزه‌رانی ئاژه‌ڵ بکرێته‌وه. بۆیه‌ش بۆ نموونه پشیله، سه‌گ، په‌له‌وه‌ر یاخود ماسی نێو ئه‌کواریوم نابێت بۆ ماوه‌ی زیاتر له شه‌ووڕێژێک به بێ چاودێری دڵنیایی بوونه‌وه به‌جێ بهێڵدرێن.

یاسا فه‌رمان ده‌کات به ئه‌رکدار بوون به چاره‌سه‌رکردنی ئاژه‌ڵی ناساغ. هه‌روه‌ها بێجگه‌له‌وه‌ش له یاسادا داڕێژراوه، که ئه‌گه‌ر نه‌تواندرێت ئاژه‌ڵه‌که چاره‌سه‌ر بکرێت وه ئازاریش بچێژێت، ئه‌وا ده‌بێت به شێوه‌یه‌کی شیاو وه دروست کۆتایی به ژیانی بهێندرێت. هه‌موو که‌سێک ناتوانێت کۆتایی به ژیانی ئاژه‌ڵ بهێنێت، به‌ڵکو له باری کۆتایی پێهێنانی ژیانی ئاژه‌ڵدا ده‌بێت، ئه‌وه له پێشچاوو بگیرێت که ئاژه‌ڵه که له کاتی ئه‌نجامدانی کرداره‌که‌دا ئازار ناچێژێت. هه‌روه‌ها یاسا ئاماژه به‌وش ده‌کات، که کێ وه به چ شێوازێکیش ده‌توانێت کۆتایی به ژیانی ئاژه‌ڵ بهێنێت.

## دەبێت ئاژەڵ بە ئاژەڵی ڕابگیرێت

لە یاسادا داڕێژراوە، کە لە چ بارودوخێکدا دەتواندرێت کە ئاژەڵ ڕابگیرێت. بۆ نموونە سەگ یاخود پشیلە تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی دەتواندرێت لە نێو قەفەسدا ڕابگیرێن. هەروەها سەگێکیش کە بەستراوەتەوە بە ڕەشوەوە یان زەنجیرەوە یاخود لە نێو باخچەی نێو حەوشدایە دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت کە لە دەرەوە بجووڵێت.

یاسای داڕێژراو هەروەها ئەو ئاژەڵانەش دەگرێتەوە، کە بەمەبستی سوود بینین بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی خۆراکی ڕادەگیرێن. ئەو جۆرە ئاژەڵانەش دەبێت ڕێگەیان پێ بدرێت کە لە گەڵ هاوچەشنەکانی خۆیاندا مامەڵەی پێویستی نێوان ئەنجام بدەن. ڕاگرتنی چەشنە ئاژەڵی لێک جیا یاسای تایبەتیان هەیە، کە پێداویستیەکانی ئەو چەشنەی تێدا لە پێشچاوو گیراوە.

هەروەها بێجگەلەوەش لە یاسای ئامادە بۆ داڕشتن دیاریکراوە، کە دەبێت ڕێگە بە ئاژەڵ بدرێت کە مامەڵەی پێویستی خۆی لەگەڵ هاوچەشنەکانیدا ئەنجام بدات. مەبەستی لە مامەڵەی پێویست لەگەڵ هاوچەشنەکانیاندا بریتی یە لە بەجێ گەیاندنی پێداویستیی سروشتییەکانی بە پێی مامەڵەی خۆی، کە کردارێکی پێویستی خۆشگوزەرانی ئاژەڵانن. بۆ نموونە دەبێت ڕێگە بە فڕینی باڵندە بدرێت و لە شەقە باڵ بدەن لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ و هەروەها ڕۆژانە رێگە بە سەگ بدرێت کە بچێتە دەرەوە.



ئاژەڵی ماڵی پارچە گەمەی منداڵان نیین، بەڵکو مرۆی گەورەساڵ هەمیشە بەرپرسە لە ئاژەڵ و سەرپەرشتی کردنی.

## تێکڕانی ئاژەڵان هاوبەهان

تێکرای ئاژەڵان بوونیان بەهادارە. مەبەست لە بەهادارییی بوون بریتیە لەوە، کە ئاژەڵەکە لە خوودی خۆیدا بەهادارە، وە تێکڕای ئاژەڵانیش لە نێو خۆیاندا هاوبەهان. بەها پەیوەندی نییە بە سوودی ئاژەڵەکەوە بۆ مرۆڤ. ژیریی ئاژەڵ، قەبارەی، یاخود ڕووکاری دەرەوەی کاریگەری لەسەر بە های خوودی ئاژەڵەکە نابێت. دەبێت لە ڕێز لە ژیانی ئاژەڵ بگیرێت دروست بەو شێوەیەی کە هەیە.

# ئاژەڵێک کە لە بارێکی  دژواردایە دەبێت پارمەتی بدرێت

### ئەگەر گومانت هەبوو لەوەی، کە ئاژەڵێک پێویستی بە یارمەتی دەبێت.

لەبەرژەوەندی تێکڕانی هەمواندا دەبێت، لە بارەی نیگەرانییەکەتەوە، هەرچەندە کە دڵنیاش نەبیت لەوەی، کە داخۆ یاسا شکێنی کراوە، باشترە ئاگادارکردنەوە ئەنجام بدرێت. ئەرکی دەزگای پاراستنی ئاژەڵانە کە یەکلایی بکاتەوە، داخۆ ئاگادارکردنەوەی ئەنجام دەبێتە هۆی هەڵسان بە ئەنجامدانی کردارێک.

### ئەگەر گومانت هەیە لەوەی، کە خۆشگوزەرانی ئاژەڵێک کەتوەتە بەر هەڕەشەی مەترسییەوە، پەیوەندی بە دەزگای پاراستنی ئاژەڵانەوە بکە.

بۆ نموونە دەگاکانی پاراستنی ئاژەڵان بریتین لە پزیشکی چاودێری ئاژەڵانی سەر بە شارەوەنییەکان وە دەزگای پۆلیس.



**پزیشکی چاودێری ئاژەڵان**

زانیاری پەیوەندییەکانی پزیشکانی چاودێری ئاژەڵان لە سەر تۆڕی ئینتەرنێتی ماڵپەڕی شارەوانییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ووشەی ʼelӓinsuojeluʼ وەو دەکرێت بە دوایدا لە وێبگەڕدا بگەڕێیت یاخود ووشەی ʼ elӓinlӓӓkӓriʼ یاخود لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بە ژمارەی بەدالەی ناخۆیی شارەوەنییەوە.



**پۆلیس**

زانیارییەکانی پەیوەندییەکانی دەزگای پۆلیس لە سەر ماڵپەڕی تۆڕی ئینتەرنێتی www.poliisi.fi. بەدی دەکرێ.

© Macrovector/Freepik



## ئەگەر دۆخەکە پێویست بەتێهەڵچوونی دەستبرد دەکات، پەیوەندی بکە بە ژمارە فریاگوزاریی ١١٢ەوە.

پەیوەندی بکە بە ژمارە فریاگوزاریی ١١٢ەوە، ئەگەر دۆخەکە پێویست بە تێهەڵچوونی دەستوبرد دەکات. دۆخی لەو چەشنە بریتین بۆ نموونە لە، ئەگەر:

- ئاژەڵەکە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە
- ئاژەڵەکە بە گیرهاتووە لە شوێنێکدا، وە توانای دەرچوونی نییە
- پارێزراوی گشتی بە شێوەیەکی بەرچاوو کەوتە بەر هەڕەشەی مەترسییەوە، بۆ نموونە ڕووداوی پێکان لەگەڵ ئاسکی ئەمریکیدا (مووس، دێر)دا.

## ئەگەر نەتزانی، کە داخۆ دەبێت چۆن مامەڵە بکەیت، پرسی ڕاوێژ بکە لە:

- ئێس ئی وای (دەستەی ئاژەڵپارێزی فینلاندی) ڕاوێژگەی ئاژەڵپارێزی ← ڕاوێژکارانی ئاژەڵپارێزی/sey.fi
- دەستەی ئاژەڵپارێزی ناوچەیی ← دەستەکانی ئەندامی ئاژەڵپارێزی/sey.fi
- چاتیی- ئاژەڵپارێزی ← بە زمانەکانی فینلاندی و ئینگلیزی، sey.fi

دەتوانیت لە پەیوەندیدا بیت لە گەڵ ڕاوێژکاری ئاژەڵپارێزیدا، لەگەڵ دەستەکاندا وە یاخود لە ڕێگەی چاتیی- ئاژەڵپارێزییەوە بە بێ ناو پەیوەندی بگریت.

ئەگەر ئاژەڵێکی ناساغ، پێکراو یاخود وەکو دیکە ئەگەر هەر ئاژەڵێک کە پێویستی بە یارمەتیدان دەبێت، ئەوا پێویستە یارمەتی بدرێت.

# پاش هەڵسەنگاندن دەشێت بڕیار لە بارەی ڕاگرتنی ئاژەڵی ماڵییەوە بدرێت

بەر لە بڕیاردانی ڕاگرتنی ئاژەڵی ماڵی، دەبێت زانیاری دروست لە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوەوە سەبارەت بە ڕەگەزی ئەو ئاژەڵەی کە سەرنجت چووەتەسەری بەدەست بهێندرێت. گرنگە، کە بزاندرێت داخۆ بۆ نموونە ئاژەڵەکە سەربە پۆلی گەلە ئاژەڵەکانە، یاخود بە تەنها بەڕێوەدەچێت و داخۆ ئاژەڵێکە سروشتی شەوانەیە یاخود ڕۆژانەیە.

لە فینلاندەدا سەگ و پشیلە ناکرێت لە فرۆشگاکانی تایبەت بە ئاژەڵ بکڕدرێن و بەدەست بهێندرێن. لە کاتی بڕیاردان لە بەدەست هێنانی سەگ، پشیلە و هەر ئاژەڵێکی دیکە ماڵیدا، گرنگە کە سەرنج بدرێت کە، لە ڕێگەی بەدەست هێنانی ئاژەڵەکەوە ناڕاستەوخۆ پشتگیری خانە نایاساییەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ ناکرێت.

بۆ نموونە ستوونەکانی گفتووگۆ لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت شوێنێکی گونجاو نین بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی ئاژەڵ. هەندێک لەو ئاژەڵانەی کە لە ڕێگەی ستوونەکانی گفتووگۆ لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەدەست هێندراون تەندروستیان لاوازە. ڕێگایەکی باشتر بۆ ڕاگرتنی ئاژەڵ، بریتیە لەوەی کە ئەو ئاژەڵانە بەدەست بهێندرێن و خانەیەن بۆ دابین بکرێت کە بێ لانە ماونەتەوە. دەکرێت لە ڕێگەی دەستەکانی ئاژەڵپارێزییەوە یاخود ئەو لایەنانەی کە یارمەتی ئاژەڵانی بێ لانە دەدەن بگەڕێیت بە دوای ئەندامێکی نوێ بۆ نێو خێزانەکەت.


لە بیرت بێت، کە تێکڕای ئەو سەگانەی کە لە فینلاندەدا دەژین دەبێت لە نێو تۆماری سەگان دا تۆمار بکرێن.

## بەرلەوەی کە ئاژەڵ بە دەست بهێنیت:

- لەبارەی پۆلی ئاژەڵەکە و پێداویستییەکانییەوە زانیاری پێویست بە دەست بهێنە.
- یەکلایی بکەرەوە، کە داخۆ لە کوێ دەکرێت ئەو ئاژەڵەی کە دەیخوازیت پەیدا بکرێت.
- سەردانی بکە و دڵنیا ببەرەوە لەوەی، کە ئاژەڵە لە بارودۆخێکی گونجاودا گەشەی کردوە.
- بەرلەوەی کە ئاژەڵەکە بگاتە نێو ماڵەوە، باشترە کە تێکڕای پێداویستییەکانی بۆ دابین کرابێت.
- هیچ کاتێک ئاژەڵێک کە لە سروشتدا ژیاوە و ڕاگیراوە مەکڕە.

## خانە نایاساییەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ

مەبەست لە خانە نایاساییەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ بریتییە لە بەخێوکردنی بەردەوامی ئاژەڵ بە مەبەستی فرۆشتنەوە و سوودی دارایی، کە لە ڕێکارەکەدا سەرپێچی لە دابین کردنی پێداویستی ئاژەڵەکە دەکرێت بە مەبەستی بردنە سەرەوەی ئاستی قازانجی دارایی. لە نێو خانە نایاساییەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ بۆ نموونە ئاژەڵ بە باشی سەرپەرشتی ناکرێن و لە شوێن و جێگای ئێجگار تەسکە بەردا ڕادەگیرێن. ئاژەڵەکان بە زۆری ناساغن. خانە نایاساییەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵ چ لە نێو فینلاندەدا وە چ لە دەرەوەی وولاتیش بوونیان هەیە.



# فینلاند لە چەندین نەخۆشی-گوێزراوەوە دوورە

لە فینلانددا ئەو جۆرە نەخۆشیانەی کە لە ئاژەڵانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ مرۆڤ، کە لە هەندێک وڵاتانی دیکەدا بە دی دەکرێن، بوونیان نییە. بە پێی پێویست دەزگای پاسەوانی سنووریش چاودێری دەکەن، کە ئاژەڵی هێنراو پێکوتەی پارێزراویی گونجاوی بۆ هێنانە نێو وڵات پێدراوە.

بۆ ئەوەی کە لە داهاتووشدا نەخۆشی بڵاوو نەبنەوە، گرنگە، کە ئاژەڵ بە شێوەیەکی بەردەوام پێکوتەی پێویستیان پێ دەدرێت. هەروەها پێکوتە بە مەبەستی بەرگری کردن لە گوێزرانەوەی نەخۆشیی لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکی دیکەش پێویستە. بۆ نموونە دووچاربوون بە ڤایرۆسی پارڤۆ زۆر جار بۆ سەگ دەبێتە چارەنووسساز و دەشێت تەنانەت ببێتە هۆی مرداربوونەوەی ئاژەڵەکەش.

ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتەوە سەگ، پشیلە یان هەر ئاژەڵێکی دیکەی شیردار بهێندرێتە نێو فینلاند، دەبێت ئاژەڵەکە لە پێشدا کوترابێت بۆ نموونە دژ بە نەخۆشی ڕابیی. هەروەها ئەو سەگانەشی کە لەدەرەوەی وڵاتەوە دەهێندرێنە نێو فینلاند پێشمەرجی هێنانیان پێدانی چارەسەری دژ بە کرمی هایسی شریتی و ئێکینۆکۆکییە.

بێجگەلە لە پێکوتە باشترە کە سەگ و پشیلە بە پێی پێویست بەردەوام دژ بە بوونی کرمی هەناو بکوترێن. کوتانی دژە کرم واتە دەرپەڕاندنی کرمە مشەخۆرەکان کە یارمەتی دەر دەبێت لە بەرگرتن بە کاریگەرییەکانی دووچار بوون بە مشەخۆرەکان. سەبارەت بە ئاستی پێویست بوونی دەرپەڕاندنی کرمە مشەخۆرەکان باشترە کە ڕاوێژ بە پزیشکی ئاژەڵ بکرێت.

## ئاژەڵی ناساغ دەبێت چارەسەر بکرێت

ئەگەر ئاژەڵ نەخۆش دەکەوێت، دەبێت ببردرێت بۆ لای پزیشکی ئاژەڵ. بەدی کردنی نەخۆشکەوتنی ئاژەڵ هەمیشە ئاسان نییە، بەڵکو ئاژەڵ هەوڵ دەدات کە نیشانەکانی ناساغی بشارێتەوە.

**ئاژەڵ دەشێت نەخۆش بێت، ئەگەر:**

- کز و گۆشەگیر بێت
- ئەگەر چاو کونەلووتەکانی مادەیەکی شل دەربدەن یاخود بکۆکێت
- • به شێوەیەکی ئاسایی نەجووڵێت
- گاز بگرێت یاخود توورەبێت
- لاواز ببێت یان نەخوات
- سک چوون یان ڕشانەوەی هەبێت
- خۆی دەکرێنێت یان دەلێسێتەوە
- زیاتر لە پێشتر ئاو دەخواتەوە.




# دەبێت ئاژەڵ باش مامەڵەی لەگەڵ دابکرێت و فێربکرێت

قەبارەی ئاژەڵ کاریگەری لەسەر ئەوە نییە، کە داخۆ چۆن ئاژەڵ دەرک بە دەوروبەر دەکات. لە هەر جۆرە تاووتوێکردنەکی ئاژەڵاندا دەبێت ووریا بیت، کە بە هەڵە ئازار و ژان لە لای ئاژەڵ دروست نەبێت.



هەروەها ماسیش هەست بە ئازار دەکەن. بۆیەش دەبێت باش سەرپەرشتی بکرێن، وە باشبێت بۆ نموونە بە بێ سەرپەرشتی کردن لە نێو ماوەی پشوودا بە جێ بهێڵدرێن. هەروەها لە کاتی تەنانەت ڕاوەماسیشدا دەبێت ئازار و سترێسی ماسی لە پێشچاوو بگیرێت.



ئەگەر لە ڕاهێنان و فێرکردنی ئاژەڵ دا ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبیتەوە، باشترە لە ڕاهێنەری ئاژەڵان بە دواداچوون بۆ بەدەست هێنانی یارمەتی بکرێت. فێرکار و ڕاهێنەری سەرکەوتوو هەمیشە لە ڕێگای پاداشتدانەوە کرداری ڕاهێنان ئەنجام دەدات، نەوەک لە ڕێگەی زۆرلێکردن و سزادانی ئاژەڵەوە، وەک لێدان یاخود بەرکێشکردنی بە ڕەشووەکەی.

ئاژەڵ کاتێک ئاسان فێر دەبێت، کە کردارێک بەهەمان شێوە چەندین جار دووبارە دەکرێتەوە و پاداشتی ئاژەڵەکەش شتێکی دڵگیری ئەو بێت. بە زۆری ئاژەڵان لە تەمەنی بێچووییاندا یان پێگەیشتووییاندا فێردەبن و ڕادێن. فێرکردن و ڕاهێنانی سەگ و پشیلە باشترە هەر پێشوەخت کاتێک کە بە بێچوویی دەهێندرێنە ماڵەوە هەوڵی ڕاهێنانیان بدرێت.



## لە بەرژەوەندی ئاژەڵان هەڵدەسووڕێت SEY

ئەم ڕێنوێنیە لە لایەن SEY ی ئاژەڵپارێزی فینلاندییەوە ئامادە کراوە. SEY بەرفراوانترین ڕێکخراوی ئاژەڵپارێزی فینلاندییە و پسپۆری بواری پاراستنی ئاژەڵانە. SEY لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە ڕیزی پێشەوەی پاراستنی ئاژەڵان لە فینلاندەدا کاری کردوە.

SEY هەوڵ دەدات کە پێشوەخت بەربگرێت بە گرفتەکانی بەردەم ئاژەڵپارێزی و یارمەتی ئەو ئاژەڵانە بدات کە پێویستیان بە هاوکاری دەبێت. کاری پاراستنی ئاژەڵا لە ڕێگەی کاری هاوبەشی نزیکەی ٤٠ ڕێکخراوی ئەندامەوە، نزیکەی ٨٠ ڕاوێژکاری ئاژەڵپارێزی و هەزاران خۆبەخشەوە بەڕێوەدەچێت.

SEY
SUOMEN ELÄINSUOJELU